# تۆ بڵێی ئەمە شەیتان بێ ؟!!!

## لە بابەتێكی بەڕێزێك كە ناوی ناهێنم ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی كە لەناو كەوانەیە خۆتان بیخوێننەوە ئەبینن شتی سەیری تێدا پاشان من چەند تێبینیەكی كورت لە سەری ئەنوسم بەڵكو بۆ هەمومان عیبرەت بێ!

(ئـــــەوەی بیخوێنێتـــــــەوە 240چاكـــــــەی دەس دەكـــــــەوێـــــت.
سلاَوی خواتان لێ بێ ، بەیانیەك زوو پیاوێك هەستا دەس نویژی گرت و خۆی گۆری و بەرەو مزگەوت ڕۆیشت , لە نیوە ڕێگا كەوت و جلە كانی پیس بوو , گەڕایەوە ماڵ و جلەكانی گۆری ودەس نوێژی گرتەوەو بەرەو مزگەوت ڕۆیشتەوە و لە هەمان جێگا كەوتەوەو جلەكانی پیس بۆوە , دیسان گەڕایەوە ماڵەوەو جلەكانی گۆری و دەس نوێژی گرتەوەو لە ماڵ هاتە دەر تووشی كەسێك بوو چرایەكی پێ بوو.. لێی پرسی تۆ كێ؟ ووتی دووجار تۆم بینی كەوتی هەر بۆیە ئەمەوێ ڕێگات بۆ ڕووناك بكەمەوە بەرەو مزگەوت ..بەیەكەوە ڕۆشتن تا گەشتنە دەرگای مزگەوت و پیاوەكە پێی ووت فەرموو با نوێژ بكەین , ووتی: من نایەمە مزگەوت ,, لێی دووبارە كردەوە ..ئەویش زور بە توندی وەلاَمی دایەوە و وتی من نایەمەوە مزگەوت و نوێژ ناكەم ..پیاوەكە ووتی بۆ نوێژ ناكەی : تۆ كێی ؟ ووتی : من شەیتانم جاری یەكەم تۆم كەواند تا بگەرێیەوە و لە مزگەوت نوێژ نەكەی ,, بەلاَم كاتێ كە ڕۆشتیەوە ماڵ و هاتیەوە ..خوای گەورە لە هەموو تاوانەكانت خۆش بوو ... جاری دووەم كە تۆو كەواند و گەڕایەوە و هاتیەوە خوای گەورە لە تاوانی خیزانەكەت خۆش بوو ,,هەربۆیە ترسام بۆ جاری سێ یەم بتكەوێنم و بگەرێیەوە ماڵ وبێیەوە مزگەوت .. خوای گەورە لە تاوانی هەموو دانیشتوانی دەورو بەرت خۆش بێت..)

## ئەمەش تێبینیەكانی من

1- بە چ بەڵگەیەك ئەوەی بیخوێنێتەوە 240 چاكەی بۆ ئەنوسرێ ؟! ئەمە ئەگەر بەڵگە لەقورئان و سوننەت نەبێ كەس ناتوانێ بڵێ ئەوەندە چاكەت بۆ ئەنوسرێ ئەوەی ژیریش بێ ئەوە ئەزانێ!

2- ئەم پیاوە فەقیرەو بەستەزمانە چۆن نوێژەكەی نەفەوتا كە دوو جار گەڕایەوە جلی گۆڕی و دەست نوێژی شوشتەوە !

3- وابزانم ئەوەش ئەزانین شەیتان ناتوانێ كەسێ بكەوێنێ كە بڕوا بۆ مزگەوت مەگەر ویستی خوابێ! جا ئەترسم هەرچی بكەوێ بیخەینە سەر شەیتان و ترسی شەیتان لە دڵمان بڕوێ!

4- شتێكی تر ئەوەی بكەوێ ئەگەر جلیشی پیس بێ دەست نوێژی ناشكێ!

5- ئەوە شەیتان چوزانێ خوا لە تاوانی ئەو وە هی خێزانیشی خۆش بووە!؟ ئەوە غەیبە بێگومان! ئەوە بۆمان دەر ئەخا کە هەر چیرۆکەکە لە شەیتانەوەیە یان لە کەسێکی دۆستی شەیتانەوەیە لەوانەی سۆفین ئەو جۆرە خورافاتانە بۆ خۆیان دروست ئەکەن تا لای خەڵکی بە پیرۆز بناسرێن! ئەو بەڕێزەو کەسانی تریش خەڵەتاون و بڵاوی ئەکەنەوە !

6- شەیتان و ڕێگا ڕوناك کردنەوەو بردنە مزگەوت! ئەمە پێویستی بە تەعلیق نیە!

7- من ئامۆژگاریم بۆ هەموو موسڵمانێك هەیە با ئەگەر ویستیان سوود بەخەڵك بگەیەنن با چیرۆکەکانی قورئان و سوننەتی ڕاستیان بۆ باس بکەن و نەکەن هەرچی خوێندیانەوە یان بیستیان یەکسەر بۆ خەڵکی بگێڕنەوە چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( کفی بالمرء کذبا ان یحدث بکل ما سمع ) واتە : ( ئەوەندە درۆیە بەسە بۆ کەسێك کە هەرچی بیبیستێ بیگێڕێتەوە ) لە بەر ئەوە با شتێ نەگێڕینەوە کە ئەشزانین درۆیە! وە سەیریش لەوەیە ئەو لینکەی کە سەرچاوەکەیەو ئەو بەڕێزە دایناوە سەیرم کرد لەوێش ئەوەی ئەم چیرۆکەی باس کردووە ئەڵێ نازانم ڕاستە یان نا منیش نەقلم کردووە!!!

لە کۆتایی بۆ ئەو بەڕێزە ئەڵێم ئەمە بۆیە پێویست بوو لە سەر ئەو بابەتەت بنوسم چونکە بێدەنگی دروست نیە لە شتی ئاوهاو واجبی نەسیحەت لە سەرمان پێویست ئەکا کە خەڵکی لە شتی وا ئاگادار بکەینەوە بشزانە چەندین هەڵەی ترت هەیە کە بڵاویان ئەکەیتەوە

**لەوانە کە بەقەدەر ئەڵێی بێوەفا ! لە نوسینێکی ترت بەو شێوە** ( ئەوەی چاوەڕێی نەبوم ئەوەبوو .ئەرێ قەدەر تۆی ؟ یان تۆ ؟کامتان بێ وەفان.. نابنە روناکیم بۆ ژیان ) **وە لە شوێنێکی تر لە شیعرێك داوا لە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى الە وسلم ئەکەیت بەو شێوە** (ئەی پێغەمبەری زانا و دانا
رابەرو پێشەوا ی دونیا
ئەمڕۆی ئێمە و ئەم سەردەمە
غە م و نوتەکەی سیا شەوە
............................
پێمان دەوە هێزی ئیمان
هێزی ژیان هێزی گریان ) **کە ئەوەش گەورە ترین ستەمە کەسێك لە غەیری خوا داوا بکات؛ تۆ داوای هێزی ئیمان لەو ئەکەیت لە جیاتی خوا؛ هیوادارم لەم هەڵانە پەشیمان بیتەوە وە ئەم سایتانەی بەناوی ئیسلامیشن با چێشتی مجێور نەبن چونکە لە تاوان و چاکەی هەر بابەتێك بڵاوی کەنەوە بەشدارن؛ ئەوەی بشڵێ بۆ بەنامەیەك نوسەرەکەت ئاگادار نەکردەوە ئەوە پێی ئەڵێم هەڵەیەك بڵاو بێتەوە ئەبێ ڕەددەکەشی بڵاو بێتەوە لەگەڵ ئەوەش ناوی نوسەرەکەم نەهێناوە لە بەر چەند ئیعتیبارێك؛**

**باوکی حارث**